www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:58 12-4-2006

## کوشتنی ژنان لەپێش راپەرین و دوای راپەرین ... بەناز کوێستانی



تاکی کۆمەڵگەی کوردی، چ ژن بێت یان پیاو، هەمیشە تاکێکی پەراوێزکراو حساب بۆ نەکراوە، بەتایبەتیش توێژی ژنان زیاتر ئەمە تیایدا رەنگ دەداتەوە، پیاویش وەك هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەی کوردی، لەنێو کایە مەعرفی و کەلتوری و بۆماوەییەکان و پەروەردەو فێربووندا خۆی وونکردووە نەیتوانیووە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزو سەربەخۆ خاوەن بریار بێت، کەئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی کەئەویش نەهێڵێت رەگەزی بەرامبەری کەژنە سەربەخۆ و ئازاد بێت و بەڵکو هەمیشە هەوڵیداوە وەك کاڵایەك هەم بازرگانی پێوە بکات و هەم وەك موڵکێکی تایبەتی خۆی تەماشای بکات و ئەگەر بێت و ئەو کائینە لەئەوامرو خواستەکانی ئەوی پیاو دەربچێت، رووبەرووی سزادان و ئەتککردن و لێدان و سووککردن و تەنانەت جنێو پێدان و تفلێکردن و کوشتن دەبێتەوە، کەئەمانەی سەرەوەش ئەو هۆکارانەن کەئەوی پیاو پەنای بۆ دەبات تاوەکو ئەو کاڵایە هەمیشە بترسێت و نەتوانێت هەنگاوێك بۆئازادی بنێت لەترسی ئەوی پیاو، رەنگە هەندێك جار پەنابردن بۆ ئەو کردارانە لەترسنۆکی و بێ دەسەڵاتی بێت، یاخود لەهەستکردن بەکەمایەتی بێت لەلایەن ئەوی پیاوەوە، چونکە هەر کاتێك تاکی پیاو هەستیکرد لاوازەو ناتوانێ خاوەن بریاری خۆی بێت لەکۆمەڵگەداو مەکانەتێکی لاوازی هەیە، دەوروبەر بەچاوێکی گومانلێکراو لاوازو بێ دەسەڵات لێی ئەروانن، ئەوکاتە ئەو پیاوە هەولڕ دەدات لەرێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبرو زەنگ لەنێو ماڵی خۆیدا خۆی بەپیاو بزانێت و کەسایەتی خۆی لەناو خێزانەکەی خۆیدا دەربخات، جا ئەو شاڵاوە خێزان یان خوشك یان دایك دەگرێتەوە.

تاکی کوردی لەپێش راپەرینەوە، لەژێر زۆرو ستەمێکی گەورەدا دەژیان و خاوەنی بچوکترین ئازادی و کەسایەتی خۆیان نەبوون و هیچ شەوێك بەئاسودەیی سەریان نەکردۆتە سەر سەرین، کەبەتەمای ئەوە نەبووبن کەبەیانی دەستگیر نەکرێن یاخود نەکوژرێن، جابەهەر بیانوویەکەوە بێت، ئەو سەرکوتکردن و کبت کردنە لەناو دەروون و مێشکی هەموو تاکێکی کوردیدا رەنگی داوەتەوەو بناغەیەکی چەسپاندووە، بەتایبەتیش لەزەهنی پیاواندا، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە ئەو ئازادییە رەهایەو تەنانەت ئەتوانین بڵێین ئەو بەرەڵاییەی لەدوای راپەرین لەکوردستاندا هاتە ئاراوە وایکرد کەپیاوی کوردی تووشی دۆگما بوون بێت و جۆرە سەرلێشواویەکی پێوە دیار بێت، کەئەمەش لەبیرکردنەوەو هە ڵس و کەوتیاندا رەنگی دەدایەوە، چونکە لە کبت کردنێکی زۆرەوە بۆ بەرەڵایەکی زۆر لە بوارەکانی ئیدارایی و دارایی و فەرهەنگی و یاسایدا بەتەواوەتی لەسەر کەسایەتیان رەنگی دەدایەوە، هەر تاکێك خۆی بە ئیمپراتۆریەتێك دەزانی و کەس بۆی نەبوو شان بدات لەشانی ئەمە لەرووکاری دەرەوەدا، بەڵام لەرووکاری ناوەوەدا کەسێکی تێکشکاو پووچ بوو بەهەموو واتاکانیەوە.

بڵاوبوونەوەی بێکارییەکی زۆرو گرانی و نەبوونی سەرچاوەی داهات، وایکرد کەپیاوی کوردی زۆرترین کاتی فراغی هەبێت و زیاتر خووبداتە لایەنە کۆمەڵایەتیەکان و زۆرترین

کات لەچوارچێوەی ماڵدا بەسەر بەرێت، تەداخولی هەموو کارەکانی ناو مالڕ و ژیانی تایبەتی خێزان و ئافرەتەکانی ماڵەکەی بکات و لەوێشوە سەرچاوە خۆش بێت بۆ خۆ بەزل زانین و موڵکداری و لەناو بردنی هەموو ئەو شتانەی کەدەبنە رێگر یان لەکەدارکردنی ناو ناوبانگی، ئالێرەوە کوشتنی ژنان سەرهەلڕ دەدات.

هەموو ئەوانەی سەرەوە هۆکارن بۆ زەق بوونەوەی ئەو دیاردەیە، بەڵام گرنگترینیان نەبوونی یاسایەك یان بەندێك یان برگەیەك لەیاسادا داکۆکی لەمافی ژنان بکات و پیاوان بەسزایەکی سەختی وەك مەرگ یان لەسێدارەدان یان بەندکردنی هەتا هەتایی ببنەوە، لەکاتێکدا ئەگەر هەستن بەکوشتنی ژنێك، ئەمەش بێگومان لەو یاسا سەقەتەوە سەرچاوەی گرتووە کەژرێمی بەعس پەیرەوی دەکرد، ئەویش ئەوەیە ئەگەر پیاوێك لەسەر شەرەف ئافرەتێك بکوژێت بە قەتل حسابی بۆ ناکرێت و ئازادانە لەکۆمەڵگەدا دەسورێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت، ژنێك پیاوێك بکوژێت لەسەر خیانەتکاری ئەوە بەقەتل حسابی بۆ دەکرێت و ئەو ژنە بەسزای یاسایی خۆی دەگات و لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵگە بەچاوێکی ترەوە سەیری دەکات و بۆ هەتا هەتایی ئەو ناوبانگەی لێ نابێتەوە.

لەگەلڕ ئەمانەشدا دەکرێت بڵێین، کەپێش راپەرینیش بەهەمان شێوە ئەو دیاردەیە هەبووەو پیاوی کوردی پەیرەوی کردووە زۆر بەئاشکرا، بەڵام لەبەر نەبوونی رێکخراوەکانی ژنان و دام و دەزگای راگەیاندنی ئازادو نەبوونی بڵاوکراوەی تایبەت بەژنان بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانیان ئەم دیاردەیە سەرەو نگوم دەکراو کەس باسی لێوە نەدەکرد. بەڵام ئێستا لەهەر چرکەو ساتێکدا کەژنێك بکوژرێت یان بسوتێت یان خۆی بسوتێنێت، لەکەنالڕ و دام و دەزگاکان باسی لێوە دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە، بەڵام لەگەلڕ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کەبزووتنەوەیەکی ئەکتیڤ لەکۆمەڵگەدا هەبێت و رێگە لەم دیاردەیە بکرێت، چونکە تائێستا رێکخراوەکانی ژنان نەیانتوانیووە ببنە بەربەست و داکۆکیکەری تەواوەتی چارەسەرێك بۆ ئەو کێشە بدۆزنەوە، لەهەمان کاتیشدا یاساو حکومەتێش بریارێکی جەسورانەو بوێرانەیان لەم بارەیەوە دەرنەکردووە کەئەم دیاردەیە بەبێ سانسۆر مەحکوم بکەن و تاوانباران بەسزای یاسایی خۆیان بگەیەنن.